چو مرد گریه کند

٥٦

نموونەی ئەدەبی فارسی

کە پیاو ئەگری

شیعری : ژالە
محمدی مەلا کریم
کردوویە بە کوردی

که پیاو ئەگری زریان دێتە ناڵە ـ ناڵ
کە پیاو ئەگری شەیتانی شووم ئەکەوێتە گڕوگاڵ
کە فرمێسکی مێردان ئەوەرێ تك ـ تك
گڕ بەرئەبێتە ئەستێرە
وەك مەشخەڵی دڵی من ..

● ★ ●

لە بەرانبەری دوژمندا بگری پیاو ،
لەناو دڵی تاریکیدا ،
کوندەپەپوو لە خۆشییا ،
بەسەر کەلاوەی کاولا ئەخوێنێ ..

● ★ ●

کە هەسری پیاو لە ترسی گیان ،
لەبەر بێدەستەڵاتیی لەش ئەوەرێ ،
مردووی چەند سەدەی بەسەرچوو
یەخەی کفنی خۆی ئەدڕێ
دەس پێ ئەکا ، بەکوڵ ، بە زاری و بە شین ..

● ★ ●

بەڵام کە پیاو لەبەر سۆزی نیشتمان ،
لەبەر خەمی پاك و پیرۆزی ئەوین ،
زار ـ زار بۆ خۆی ئەناڵێ ..
کە لە سۆزی شادی و خەمی ئینساندا ،
وەك مۆمێکی داگیرساو
ئەگری و ئەشکی ئەرێژێ ،
شەوقی فرمێسك لەودیو ئەودیو پێڵووی چاوانی ،
سەفایەکی وا ئەبەخشێ بە دەروون
وەك هیی کانیاو بە بەهارا ، بەیانی ..

(ئەدەب و ژیان) ١٠/٣/ ١٩٨٠